# کورد دەبێت سەما و سیاسەت لە یەک جیابکاتەوە!

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

تەنگەژەی ئەم دواییەی نێوان هاوپەیمانییەتی کورد و، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئیبراهیم جەعفەری، پتر لە ئاراستەیەک و، زێتر لە واتایەکی گرتەخۆی، بەڵام هەر وەک چۆن"هەموو رێگەکان ئاراستەکەیان بەرەو رۆمایە"، ئەوا بە هەمان شێوە، ناوەرۆک و هەموو ئەو شتانەی کە لەو تەنگەژەیە دەکەوێتەوە راستەوخۆ پەیوەستە بە بابەتی شەڕی دەسەڵات. هەڵبەتە خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کەسایەتییە عەرەبانەی کە دەسەڵاتیان لە دوای دارمانی سەدام گرتەدەست، ئەو راستییە روون دەکاتەوە کە واشنگتۆن ناخوازێت لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا، هیچ رووخسارێکی عەرەبی توانای ئەوەی هەبێت بنچینەیەکی هێز لە هەرەمی دەسەڵاتی عێراقیدا وەدەست بهێنێت. ئەم بزافە سیاسییە کە هەندێک جار شێوازی مانۆرێکی تەکتیکی دەگرێتە خۆی، کۆشکی سپی بە یارمەتییەکی سەرەکی هاوپەیمانییەتی کوردستان جێبەجێی دەکات. چاوخشاندنەوەیەک بە قۆناغی دەسەڵاتی"ئەیاد عەلاوی" و، جۆری پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانییەتی کوردستان و، بەراوردکردنی لەگەڵ قۆناغی ئێستای جەعفەری، ئەوە دەخاتەڕوو کە هاوپەیمانییەتی کوردستان وەک باڵێکی سیاسی ئەکتیڤ و کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا، گەمەکە بە رەوشێک ئەنجام دەدات کە تەنها بە قازانجی ئەمریکا بە پلەی یەکەم و، کورد بە پلەی دووەم بشکێتەوە. لە راستیشدا بوونی سەنتەرێکی سەقامگیری دەسەڵات لە بەغدا کە بتوانێت ببێتە تەوەرێک بۆ کۆکردنەوەی باڵە سیاسییە عەرەبییەکان، هەرگیز بە سوودی واشنگتۆن و هاوپەیمانییەتی کوردستان کۆتایی نایەت. لێرەشەوە، هەر دوابەدوای ئەو جوڵە سیاسییە سەربەخۆیانەی کە جەعفەری لەسەر ئاستی عێراق و، وڵاتانی ناوچەکە نواندی و، ویستی لە میانەیانەوە نامەیەکی پڕ واتا ئاراستەی وڵاتانی عەرەبی و، ئێران و تورکیا بکات، ئەو نامەیەی کە کۆشکی سپی بەر لەو وڵاتانە لە واتا و مەبەستی راستەقینەی تێگەیشت. جەعفەری، هەر وەک عەلاوی، دەخوازێت پەیوەندی لەگەڵ کورددا، بکاتە بابەتێکی تەکتیکی بۆ خزمەتکردنی مەبەستێکی ئیستراتیجی کە ئەویش بنیاتنانی پێگەیەکە دەسەڵاتی بەهێزە لە بەغدا کە بتوانێت لە دوارۆژدا و، بە هۆی فشاری هێزەوە بۆچوونی خۆی بەسەر باڵە سیاسییەکانی دیکە"کە کورد یەکەمیانە"، بسەپێنێت. بەڵێ راستە مام جەلال وەک سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەزموون و، ئەکتیڤ، هەرگیز یەکێکی وەک جەعفەری ناتوانێت کۆنترۆڵ و ئاراستەی بکات و، هەروەها ئەو چوارچێوە"فەخری"یەی دەسەڵاتی سەرکۆمار تاڵەبانی بە هۆی لێهاتوویی و ئەزموونی سیاسی دێرینەوە توانی لەو قەوارەیەی دەربکات و، جەعفەری بخاتە سوچێکەوە کە دەبوو سەرکۆماری تێدا حەشار بدرێت. هەرچەندە نابێت لێرەشدا پشتگیری کۆشکی سپی بۆ مام جەلال لە ململانێکردنیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراقدا لە یادبکەین، چونکە ئەمریکا لە هەموو حاڵەتەکاندا، تەنها دەتوانێت لەگەڵ کوردا ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و، هەرگیز ناتوانێت هیچ جۆرە متمانەیەک بە باڵە

سیاسییەکانی شیعە بکات بە تایبەتی کاتێک جوڵە سیاسییە گومانلێکراوەکانی تاران لەگەڵ ئەو باڵە سیاسییانەدا بە روونی دەبینرێت و، پێویستی بە تێڕامان و شرۆڤەکردنیش نییە! بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، نابێت کورد"لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەتی کوردستاندا"، تەنها لەسەر نۆتەی موزیکە براگماتییەکەی ئەمریکا سەما بکات و، وابزانێت کە هەماهەنگی لە نێوان ئەو دوو رەهەندەدا بەڵگەیەکی کۆتایی بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی پڕۆژەی سیاسی کورد. تیۆدۆر هێرتزل، لەگەڵ ئەوەی کە توانی گەورەترین هێزی سیاسی لە جیهاندا بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم قایل بکات بە دەرکردنی"بەڵێنی بلفۆر"، بۆ دروستکردنی نیشتمانێک بۆ جوولەکەکانی جیهان، کەچی لە هەمان کاتیشدا لەسەر زەوی رێگەی بۆ پیادەکردنی ئەو "بەڵێنە"خۆش دەکرد. بۆیە نابێت باڵە سیاسییە کوردستانییەکان وابزانن کە کورد تەنها دەم داچەقاندنی لەسەرە و، ئەمریکا بۆ خۆی پاروەکە دەکاتە ناو دەمی کوردەوە! گۆڕینی جەعفەری، دەبێت لەگەڵ ئەنجامدانیدا، کورد خاڵێکی پراکتیکی بەدەست هێنابێت و، ئەم خاڵەش لە دژ رووخساری دوای جەعفەری بەکاری بهێنێت، چونکە سیاسەت لە خۆیدا بریتییە لە گۆڕانیکی بەردەوامی هێڵ و ئاراستەکان لە دەوری چەقی مەبەستی سەرەکیدا، دەبێت کوردیش لە سایەی جوڵە و، گۆڕانی ئەو هێڵ و ئاراستانە کەلێنێکی باش و گونجاو بۆ خۆی بدۆزێتەوە و، بچێتە ناو جەرگەی یارییەکەوە وەک یاریزانێکی سەرەکی"وەک ئیسرائیل" نەک یەدەک"وەک تورکیا" و، ئەم کارەش تەنها بە تێکەڵاوکردنی بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکادا ئەنجام دەدرێت، پرسیارەکەش ئەوەیە: سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەو مەبەستە دەبێت هیچی کردبێت!!